کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-8-2007 12:33 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ژن لە کۆمەڵگای کوردی چۆن وەسف دەکرێت!!! ... تاڤگە سابیر**

نامانەوێ بڵێم ژن و پیاو لە دوو دنیای جیاوازدا دەژین، بەڵام ناشتوانینم بڵێیم ژیانیان وەک یەکە و



جیاوازی نییە. ناکرێ جیاوازییەکانیش کە لە هەموو ژیان کۆمەڵایەتی کوردەوای ڕەنگی داوەتەوە و وەکو جیاوازییەکانی دیکە برینێکی مێژووییە بە لەشی مرۆڤەوە، بە دوو نموونە هێنانەوە دیاری بکرێ. بێ گومان ئەمەش مەیدانێکە کە دەبێ خەباتی تێیدا بکرێ. ئەگەر باس لە فافی یەکسانی ژن لە کۆمەڵدا بکەین پێویستی بەلێکۆڵینەوەی قووڵی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و یاسای وسیاسی و... هەیە تەنها بەیەک لێکۆڵینەوە نەکرێت و نە کاری تاکە کەسییە. ئەگەر پیاوان ناتەوێ سەر بۆ ئەم دواکەوتووییە دانەوێنین ئەگەر بتانەوێ، مرۆڤ بن و هاوژینی و دایک و خۆشک و کچی خۆتان بە مرۆڤ بزانین، دەبێ وا بکەن کە ئەو کۆنەپەرستییە بگەڕێتەوە ئەو گۆڕستانە لێوە هاتووە. ئەمەش خەباتێکی کەلتوری کۆمەڵایەتی دەوێ و بە دوو تەقە تفەنگ جێ بەجێ نابێ. ئەمە پێش هەموو شتێک زانینی قووڵی کۆمەڵایەتی دەوێ قۆڵ لێی هەڵماڵینێکی زانایانە.

زۆر جار کە گوێ بیست دەبم لە کاتێک باسی ژن دەکرێت دەڵێن ژن لە ئاستی پیاودا وەکو کۆیلەیە لەئاست خاوەنەکەیدا، وەکو کاری جەستەییە لە ئاست کاری عەقڵیدا وەکوبەربەییە لە بەرانبەر پیاوادا، ژن پیاوێکی ناتەواوە لە پرۆسەی پێشڤەچووندا، بەجێماوە نێر بە سروشتی خۆی سەرکەوتووترە، ژنیش بە سروشتی خۆی ناتەواوە پیاو دەسەڵاتدارە ژنیش ملکەچی ئەو دەسەڵاتەیە ئەم بنەمایەش تێروانینە ڕەگەز ئادەمیزەش پراکتیک دەکرێت، بە پێی ئەم تێرونینە ژن لە پێکهاتەیەکی لەوازە بۆیە ناتوانێت پلەو پایی سەربەخۆ بەدەست بێنێت باشترین، شوێن بۆ ژن ژیانی بێدەنگی نێوماڵەکەیەتی، ژن نابێت لەگەڵ پیاودا یەکسان بێت. کاتێک باسی دەسەڵات دەکاین لە کۆمەڵگای کوردە پێمان وایە هەموو، دەسەڵاتەکان بدرێت دەست یەک سەرکردە و فرە دەسەڵاتی و فرە سەرکردەیی بە هەڵە دەردەخات و بەلاوەی دەنێت، بۆیە دەکرێت بڵێن وا چاکترە یەکێک دەسەڵاتی پیاو سالاری، بکەنە فەرمانڕەوا و گەورەی خۆتان و یاساش ئامێری دەستی پیاو بێت، چونکە هیچ یاسایێک لەسەر مرۆڤی مەزن و بەتوانا پراکتیک ناکرێت ئەوە بۆ خۆی یاسان، جێگەی گاڵتەجارییە دەبێت یەکێک هەوڵبدات یاسا بۆ ئەوانە دابنێت. بەم جۆرەش بیرۆکەی یەکسانی هاولاتیانی لەنێو دەسەڵاتدا بە لاوەنا بەڵام تێڕوانینی دەسەڵات بۆ یەکسانی جیاوازە، بۆیە لە شوێنێکی تردا"دەڵێن" گرنگ نییە زۆرینە دەسەڵاتداربن یا کەمایەتی، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ڕادەی ئەو دەسەڵاتە ئابوورییە چەندە کە دەسەڵاتداران هەیانە، بەڵام سەبارەت دادواری و داوەکاری مافی ئەو کەسانەی داوای دەسەڵات دەکەن. هەموو کەسێک بۆ خۆیان داوای دەسەڵات دەکەن و پشت بەیەک بنەما ڕەگەزی دەبەستن، دەسەڵاتی پیاو سالار بنەمایەی کەدان بەوە دادەنێن هەموو مرۆڤێک یەکسانن لە ماف و ئەرکدا، بەڵام من پێم وایە زەحمەتییەکە لە دەستنیشانکردنی چەمک و مانای یەکسانی و نایەکسانی دایە. ئەوەی لەیەک لایەنی ژیاندا سەرکەتووبێت وا مەزندە دەکات کە لەهەموو شتێکدا سەرکەوتووە تاکە، ڕێگایەکیش بۆ دەرباز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بوون لەم قەیرانە مافی یەکسانی دەبێت بەکار بردنی دەسەلاتی ژنان، دان پێدانی مافی ژنان و بەکار بردنی دەسەلاتی ژنان لە دەسەلادا وە ڕێکخراوە مەدانیاکاند اوە دوور خستنەوەی دەسەلاتی خێلەکی و عەشیرەت گەری لە دەسەلاتداو بوارە مەدەنیاکان. یەکێک لەڕایەلە سەرەکیەکانی کۆمەلگای مەدەنی ئازادی مەعنەوییە کەوا لە مرۆڤ دەکات ببێتە لێپرسراوی ڕاستەقینەی خۆی، ملکەچ بوون بۆ یاساو بنەماکانی کۆمەلگای مەدەنی واتا ئازادی، چونکە مرۆڤ بۆ خۆی ئەو یاسایانە دادەڕێژێت، بەم شێوەیە دەولەتی عیلمانی کۆمەلگای مەدەنی بەرهەم هێنا، کۆمەلگای ئازادی تاکەکەسی و شکۆمەندی گەل و سەروەری یاساو مافەکانی مرۆڤ دابین بکەن.

سوێد 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.